


# ونبوونی ڕەخنە وەک دەقی دووەم

ئازاد عەبدولواحید

* لەناو ئادەمیزاد دوو جۆرە ئەقڵ هەن، جۆرێکیان ئەقڵێکی (شیکاری- تحلیلی)یە، جۆرەکەی دیکەیان ئەقڵی (ئاوێتەیی- ترکیبی)یە. ئەوەی کۆمەڵگەی پێ پێش دەکەوێ، بوونی ئەقڵێکی شیکارییە کە بەردەوام پرسیار دەوروژێنێ و ڕەخنە دەگرێ، بە پێچەوانەی ئەقڵی ئاوێتەیی کە ئەقڵێکی وەستاو و چەقبەستووە، ئەو کۆمەڵگەیانەی ئەو جۆرە ئەقڵەیان تێدا باو و سەروەرە، لە شوێنی خۆیان پێکوڵە- مراوحة دەکەن، یان زۆر بە سستی گەشە دەکەن و بەرەو پێداویستییەکانی سەردەم هەنگاو هەڵدەگرن، چونکە تەنیا خەریکی وەڵامە سواوەکانن، لە بوونی وەها ئەقڵێکدا نە جیهانبینی، نە ئەقڵ، نە چێژ نوێ نابنەوە، بۆیە هۆکارێکی گرنگی ونبوونی ڕەخنەی لای ئێمە، پەیوەستە بە ئامادەنەبوونی ئەقڵێکی شیکاری، هەر ئەمەیشە زەمینەی دروستبوونی ئەقڵە ڕەخنەییەکەی لەناو بردووە.

* هۆکارێکی دیکەی ونبوونی ئەقڵی ڕەخنەیی، نەبوونی داوونەریتی دیموکراسیانەیە، چونکە ڕەخنە پتر لە کەشوهەوایەکی دیموکراسیانەدا گەشە و نەشونما دەکات، بە بوونی داوونەریتی دیموکراسیانە، فرەیی دێتە ئاراوە و خوێندنەوەی هەمەچەشن دەخولقێ، بە نەبوونی داوونەریتی دیموکراسی، ڕەخنە ئابڵووقە دەدرێ و سەرکۆنە دەکرێ و ناتوانێ جێگەی خۆی بکاتەوە و بەشێوەیەکی ئاسایی باڵا بکات، تەنانەت دەبێتە تەنێکی نامۆ بەکۆمەڵگە، بۆیە ئەوانەی گلەیی لە نەبوونی ڕەخنەیەکی زانستی و دامەزراوی پتەو دەکەن، دەبێ لە پێشەوە باس لە نەبوونی داوونەریتێکی دیموکراسیانە بکەن، دروستبوونی ئەو داوونەریتەش کارێکی کورت خایەن نییە، بگرە پرۆسەیەکی درێژخایەنە و پشووی درێژ و ئیشی زۆری دەوێ، بەداخەوە ئێمە جارێ ئیشمان بۆ نەکردووە.

* ئێستا دەپرسین: ئایا کورد ئێستا هەموو شتێکی کامڵ و تەواوە، تەنیا کێشەکەی نەبوونی ڕەخنەیە کە ئێمەی دەستەوەستان کردووە بە شارستانیەت و پێشکەوتن بگەین؟ ئایا ئەوەی لە شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و نۆڤلێت و ئەدەبیاتی منداڵان و هونەرەکانی: شانۆ، شێوەکاری، سینەما، گۆرانی و مۆسیقا دەنووسرێن و بەرهەم دێن، هەموویان داهێنانن، تەنیا ڕەخنە ئامادە نییە و کەمتەرخەمی نواندووە و بەسەریان ناکاتەوە؟ من دەمێکە بە گومانم لەوەی هەموو ئەوانەی دەنووسرێن و بەرهەم دێن داهێنان بن، چونکە پێم وایە لەناو قەڵایەک خۆڵەمێشدا، جاروبار پشکۆیەک هەیە، کە بۆ دۆزینەوەی ئەو پشکۆیە، ڕەخنەیەکی بوێر و چاونەترسانەی دەوێ کە لە ناو ئەو قەڵای خۆڵەمێشەدا دەری بهێنێ، ئەوەش بە ڕەخنەیەکی لاواز و ڕووکەش و دەستێکی لەرزۆک ناکرێ. هەرگیز ڕەخنە ناتوانێ قسەی جیاوازی خۆی هەبێ و داهێنان بکا، ئەگەر دەقی داهێنەرانەی لەبەر دەست نەبێ، چونکە ئەگەر داهێنان دەقی یەکەم بێ، ئەوە ڕەخنە دەقی دووەمە و لەبەر ڕووناکی ئەو دەقی یەکەمە، دەقی دووەم بنیاد دەنرێ.